# پرۆسیسەکردنی گەندەڵی
# لە نێوان خەباتی شاخو خەباتی شار

**عەبدولوتەلیب عەبدوڵڵا**

بێگومان قسەکردن لە خەباتی شاخو خەباتی شار دەچێتە بواری سوسیۆ-کۆمەڵایەتیو سوسیۆ-رۆشنبیرییو سوسیۆ-سیاسییەوە، لەپاڵ ئەوەشدا بەدواداچوونی پێکهاتەی دەروونی مرۆڤی شاخو مرۆڤی شار دەبێتە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکان، هەروەك بەدیوەکەی دیکەش هەلومەرجی واقیعیو زەمەنی وەك زەرورەتێك بۆ دنیابینی، شوێنکەوتەی خۆی وەردەگرێ.

دەمەوێ بڵێم ئەگەرچی ئەو نووسینە وەك پێویستو بەشێوەیەکی ئەکادیمی خۆی نمایان ناکات، بەڵام دەشێ هەوڵێك بێت بۆ خوێندنەوەی خەباتگێڕی شاخو خەباتگێڕی شار لە کۆمەڵگای کوردیو لەوێشەوە هەوڵدەدەین بە گوتاری ئاسۆییو گوتاری ستوونییەوە پەیوەستی بکەینو جۆرێك لە هارمۆنییەت لەنێوان گەندەڵی وەك بەرهەمی ساویلکەیی (ئاگایی –فیکری) کوردی، گەندەڵی وەك نەبوونی یادەوەرییەکی قوڵ دروست بکەین.

ئەگەر کۆمەڵگای کوردی بە کۆمەڵگایەکی ئایینی بژمێرین لە پاڵ خەباتی شاخ دەتوانین ئاماژە بەهەژموونی گوتارە ئاسۆییەکان بکەین، بەو مانایەش (من)ی نێو ئەو گوتارە منێکی (دروست) نییە، نەك لەگەڵ ترادیسیۆنەکان هەڵناکات، یان هەڵگری دنیابینیو مەعریفەی جیاوازە، بەڵکو بەو مانایەی کە (من)ێکە پەیوەندی بەگوتاری زاڵی کۆمەڵگاوە هەیە، گوتاری زاڵی کۆمەڵگای کوردیش بنەما سەرەکیەکەی لە ئایین دێتە بەرهەم، گوتاری ئایینیش هەمیشە لەسەر (پەرچەکردار) رادەبێتەوە، پەرچەکرداریش خەیاڵو بیرکردنەوە دووچاری جۆرێك لە بنبەستبوون دەکات.

ئەگەر بەشێك لە پێکهاتەی ئەو منە پەیوەندی بەگوتاری زاڵی ئایینییەوە هەبێت، بەشەکەی دیکەی پەیوەندی بەئاراستەکردنی حیزبەوە دەکات، لەنێوان ئاراستەکردنی حیزبیانەو شوێنکەوتنی ترادیسیۆنەکان دەبێ ئاماژە بەدوو خاڵ بدەین یەکەمیان ئەوەیە کە حیزبی کوردی هیچ کاتێك نەیتوانیووە بەرنامەو تیۆرەکانی خۆی لە فیکرو ئەزموونو واقیعی کوردی هەڵێنجێ، بەڵکو هەمیشە لەسەر بەرنامەو تیۆرە ئامادەکراوو فیکرە وەرگیراوەکانی ئەویدیکە کاری کردووە، توانای خۆی تەنها لەگونجانو رێکخستنو بۆیەکردنی بەرنامەی ناوبراو تاقیکردۆتەوە، دەرئەنجامی ئەوەش ئەگەر هێنانی ئاگایی بێت، بێگومان ئەو ئاگاییە لەبەر ئەوەی لە فیکرو ئەزموونو واقیعی کوردی هەڵنەقوڵاوە بۆیە ناتوانین بە ئاگاییەکی دروستی دابنێین، لێرە دەشێ ئەو ئاگاییە بە ئاگایی (ساختە) ناوزەد بکەین، ئاگایی ساختە بەو مانایە دێ کە حیزب لە ئاگایی ئەویدیکە کەڵك وەردەگرێت بێ ئەوەی

بتوانێ لەگەڵ بنەماکانی کۆمەڵگا بیگونجێنێ، یان بنەمایەکی سەرەکیو ئەرزییەتێکی لەباری لە کۆمەڵگا بۆ فەراهەم بکات، بۆیە ئەو ئاگاییە دەکەوێتە دەرەوەی عەقڵو بیرکردنەوەو ئیبیداعی فیکریو مەعریفی حیزبو کۆمەڵگاوە.

کەواتە ئەو منەی کە حیزبی کوردی لە شاخ دروستی کردووە، منێکی ترادیسیۆنیو گۆشکراو بە گوتارە ئاسۆییەکان بووە، نە بەتەواوی هەڵقوڵاوی واقیعی کوردییە، نە گۆشکراوە بەئاگاییەکی کوردانە، بەو مانایەش ئاراستەکردنی حیزبی جۆرە (من)ێك دروست دەکات کە پەیوەندی بە واقیعو دنیابینیو خەیاڵبینی کوردییەوە کزە (دواجار خودی ئەو ئیشکالییەتە لە بۆشایی تاکی کوردیو دنیابینی کۆمەڵگای کوردی رەنگدانەوەی دەبینرێت).

زۆر ئاشکراو دیارە ئەوەی کە هانی ئەو منە دەدات جێکەوتەی دنیابینی جیاواز نییە، وەك حیزبی کوردی بیری لێدەکاتەوە، بەڵکو بەشێکی دەچێتە پاڵ دروستبوونی پەرچەکرداری دەسەڵاتی ئایینییەوە، واتە پەرچەکرداری ئەو منە بەپێی یاسا ئایینیو دەسەڵاتی ئایینی بەرێوە دەچێ، ئەوەش بەرەو خاڵی دووەمان دەکاتەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین ئەو تاکە کوردییەی کە (خەباتی شاخ) دروستی دەکات تا سنوورێکی زۆر ناتوانین بە دروستی لە قەڵەم بدەین، بەڵکو لە باشترین حاڵەتدا دەتوانین بە تاکی شوێنکەوتووی بێ پرسیاری بیژمێرین، بەو مانایەش خەباتگێری کوردی خەباتگێرێکە لە رووی ئاگاییەوە ساویلکەو لە رووی دەروونییەوە بەپەرچەکردار بارگاوی کراوە، سەرەڕای ئەوەش لە رووی هەستی نەتەوایەتییەوە بێ پڕۆژەیە، لێرەوە دەبینین ئەو تاکە بەردەوام دووچاری جۆرێك لە دوالیزمییەت دەبێتەوە، لەلایەك پەروەردەی گوتارو دنیابینی ئایینییە، لەلایەکی دیکە ئاراستەکراوە بە ئاگاییەکی ساختەو بەرنامەیەکی نەگونجاو بە کۆمەڵگای کوردییەوە.

دەمانەوێ بڵێین بوونی ئەو دوالیزمییە دواجار لەنێو تاکی کوردی رێگا بۆ جۆرێك لەبۆشایی خۆش دەکاتو هەستی نەتەوایەتی بەرەو دوولەتبوون دەبات، واتە ئەگەر گوتارو دنیابینی ئایینی لە یاسای (العين بالعين) تاکی کوردی دووچاری پەرچەکردار کردبێتەوە، ئەوە گوتاری حیزبەکان لە ئاگایی ساختەوە ئەو تاکە ئاراستەی بۆشایی ناوبراو دەکات، بەرهەمی ئەو دوو وێنەیەش هیچ سنوورێك بۆ عەقڵو بیرکردنەوەو خەیاڵ بەجێناهێڵێ، هەر کۆمەڵگایەکیش دووچاری ئەو دوالیزمییەتە بێتەوە بێگومان لەبیرکردنەوەدا بەرەو پەرگیری دەچێ.

هەر لەسەر ئەو بنەمایە هەوڵدەدەم پرۆسیسەکردنی گەندەڵی لە خەباتی شاخ بە نەبوونی فیکری، یان ئیفلیجی فیکری کوردییەوە پەیوەست بکەم، بەو مانایەی کەوەك عەقڵ توانایەکی زیندووی بۆ

بەرهەمهێنانی فیکر پێ نییە، ئەوەش هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە نەتوانین لە گۆشە نیگاو دیدی دیکەوە خوێندنەوە بۆ گەندەڵی بکەین، هەروەها بەهیچ شێوەیەك ئەو خوێندنەوەیە تاکە خوێندنەوەو بەرجەستەکەری گوتاری ئاسۆیی‌و گوتاری ستوونی نییە، لەلایەکی دیکەش هەرگیز مەبەستمان بێ نموودکردنی حیزبی کوردی نییە، چونکە حیزبی کوردی وێرایی ئەو هەموو رەخنانە، لە ماوەیەك لە ماوەکان هەڵگری ئاڵای ئازادی‌و سەرفرازی‌و رزگاری بووەو لانەی ستەمدیدەو چەوساوەو زوڵم لێکراوان بووە، بەدیوەکەی دیکەش قسەکردنمان لەسەر ئایین بەهیچ شێوەیەك بەڵێدانی ئایین ناکەوێتەوەو پەیوەندی بە بێ نرخکردنی پیرۆزی ئایینی‌و رۆحانییەتەوە نییە، چونکە پێمانوایە مەسەلەی پیرۆزی‌و رۆحانییەت زۆر لەوە بەرفرەوانتر دەکەوێتەوەو بەشێکی زۆری دەچێتە دەرەوەی بیرکردنەوەی واقیعیانەو بەرژوەنخوازانەوە، بەڵکو دەشێ پەیوەندی بە تەرەسوباتی ئایینی‌و کێشەی دەسەڵاتی ئایینییەوە هەبێ بەو مانایەی کە بەردەوام دەسەڵاتی ئایینی بیرکردنەوەو جیاوازییەکان تەکفیر دەکات‌و هەموو شێوەکانی گفتوگۆو دەمەتەقێی مۆدێرنانە دەخاتە خانەی دژەوەو سەنگەرییان لێدەگرێت، ئەوەش لەو بڕوایەوە دێت کە مرۆڤ بوونەوەرێکی گەڕۆك‌و داهێنەرە، دەبێ رێزی لێبگیرێ‌و ئەرزش بۆ بیروڕاو خەونە جیاوازەکانی دابنرێت.

کەواتە ئەگەر پەیوەندی نێوان خەباتگێڕو گوتاری ئایینی بەرهەمهێنەری پەیوەندی نێوان خەباتگێڕو گوتاری حیزبی بێ، ئەوە بۆشایی بیرکردنەوەی تاکی خەباتگێر خۆی لە نێوان پەرچەکردارو ئاگایی ساختە دەدۆزێتەوە، بەمجۆرە دەتوانین بڵێین گوتاری خەباتگێڕی کوردی بێ بنەماو ئیبداعەو ئاسۆییانە رێدەکات، گوتاری ئاسۆیش گوتارێکی بێ جولەو وەستاوە لەسەر شێوەی پارێزگاریکردن لەخۆ رادەبێتەوە، وەك چۆن بەهیچ شێوەیەك جیاوازی قبوڵ ناکات، بەهیچ شێوەیەکیش سنوورەکانی خۆی بۆ ئەویدیکە ناکاتەوە، قبوڵنەکردنی جیاوازی‌و نەکردنەوەی سنووەرەکان بۆ ئەویدیکە وێنەی ئەو دوالیزمە دەکێشێ کە تاکی کوردی لەخۆیدا هەڵیگرتووە، بۆشایی نێوان ئەو دوو ئاراستەکردنەش دەبێتە لانەی جۆرێك لە پرۆسیسەکردنی گەندەڵی بە مانا فیکرییەکەی، بنەمای سەرەکی ئەو گەندەڵییەش دواجار لە بەدواداچوونی فیکری کوردی زۆر بە روونی بەدیار دەکەوێت، کەواتە دوالیزمیەت‌و دوالیزمیەتی فیکری جگە لەوەی منێکی هەڵپەرست دروست دەکات، تاکێکی بێ توانا لەرووی عەقڵ‌و مەعریفەو بێ پرۆژە لەرووی خەونبینی‌و ساویلکە لەرووی ئاگاییەوە دێنێتە بەرهەم، هەموو ئەوانەش ئەگەر لەبەرامبەر شێوە دروستەکە سەیریان بکەین خەسڵەتگەلێکن دواجار رێ بۆ گەندەڵی خۆش دەکەن، تاکی گەندەڵیش جگە لە گەندەڵی فیکری بە مانا مەعنەوییەکەی دواجار گەندەڵی ئیداریش بە مانا مادییەکە پرۆسیسە دەکات.

لێرە وەك چۆن گوتاری شاخ‌و دنیابینی ئەو گوتارە لە شێوە ئاسۆییەکەی هەڵدەگرینەوە، بە هەمان شێوەش دەتوانین ئەو بۆشاییەی کە تاکی کوردی هەڵیگرتووە بە گەندەڵی فیکری ناوبەرین، بەو مانایەش خەباتگێڕی شاخ سەرەڕای سەرکێشییەکانی لەرووی جەستەوە کەچی لەرووی فیکرەوە سەر بەگوتارە ئاسۆییەکانەو بەهیچ شێوەیەك نەیتوانیوە لەرووی عەقڵ‌و مەعریفەو بیرکردنەوە داهێنان بخاتەوە، وەك چۆن لەرووی کۆمەڵایەتییەوە بەردەوام لەسەر پەرچەکردارو ساویلکەیی (بەمانای لەبیرچوونەوە) کار دەکات.

ئەگەر ئەوەی سەرەوە بەشێك لەخوێندنەوەی تاکی کوردی‌و بیرکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی بێت، ئەوە بەشەکەی دیکە واتە ئەوەی بە خەباتی شار ناومان برد بە تەواوکەری دێتەوە، لێرە خەباتی شار بە مانا گشتییەکە لەوەدایە کە جۆرێك لە هوشیاری کۆمەڵایەتی‌و ئاگایی سیاسی بەرجەستە بکات، بەدیوەکەی دیکەش ڕێگا بۆ جیاوازی‌و خەونە کەبتکراوەکان بکاتەوە، وەك چۆن ئاسانکاری بێت بۆ وشە وسبەلێکراوەکان، بە کورتی خەباتی شار دەبێ هەڵگری گوتاری شار بێت.

بەڵام وەك دەبینین ئەمڕۆ لەسایەی گوتاری شار مرۆڤی کوردی بە بەراورد لەگەڵ ئەو هەموو قوربانی‌و راوەدوونان‌و تۆقاندن‌و کوشتن‌و....... لە تەواوی رووەکانی ژیان‌و رۆشنبیریی‌و ژیاریدا زەرەرمەندترین مرۆڤە، چونکە دەسەڵاتی کوردی وەك پێویست نەیتوانیوە خەون‌و ئارەزووەکانی بێنێتە دی، نەك هەر هێندەش بەڵکو بەردەوام راستەخۆو نلراستەخۆ دەیخاتە پەراوێزەوەو بەهیچ شێوەیەك وەك هاوڵاتی مامەڵەی لەگەڵ ناکات‌و هەمیشە لە چاوی بیروڕا سیاسییەکەیەوە دەیخوێنێتەوە نەك کوردانەکەی، لە دووتوێی ئەو خوێندنەوەو ریتمەشەوە لەدەرئەنجام وەك دەبینین نەتەوەیەك دوولەت دەبێت، کەواتە دەگەینە ئەوەی کە حیزبی کوردی نەك هەر نەیتوانیوە لەرێگەی عەقڵ‌و مەعریفەو فیکرەوە بەرنامە بۆ خۆی دارێژێت، بەڵکو نەیتوانیوە بەرنامەکانی خۆیشی بە پێی ئەزموون‌و ئاگایی شار بەرەو چاکسازی بەرێت‌و بەرفرەوانی بکات، بەدیوەکەی دیکەش بەدرێژای ماوەی دەسەڵاتداری نەیتوانیوە وەك پێویست بژێوی ژیان بەرز بکاتەوە، نەك هەر هێندە بەڵکو لە شەڕی براکوژی تا رادەیەکی زۆریش ئاستی بەمرۆڤبوونی بەهەموو ماناکانییەوە خستە کێشەوە، تۆ لەوە بگوزەرێ کە لە میدیاکان چەند مەسەلەکانی دیموکراسیەت‌و ئازادی‌و کۆمەڵگای مەدەنی هەرزان فرۆش دەکرێت، تۆ لەوە دەرچوو لە ماڵی کوردی چەند گوێبیستی مافی مرۆڤ‌و ئافرەت‌و منداڵ .........هتد دەبیت، تەنها وەرە سەیری ئەو هەموو بنکەو بارەگا حیزبیانە بکە کە کەوتوونەتە دووتوێی کۆڵان‌و داڵانەکانی شارەوە، هەروەها تۆ سەیری مەسەلەی کارەباو ئاوو رێگاو بان‌و فەرزکردنی پاسەوانە حیزبیەکان بکە بەسەر خەڵکانی لێهاتووو دڵسۆزو نیشتیمانپەروەر، ئەوسا هەستدەکەی لە ژیانی رۆژانەو لە ژێر دەسەڵاتی حیزبی

کوردییەوە مرۆڤ ئەوەندە بێ نرخ دەکرێت کە بێز لەبوونی خۆی بکاتەوە، ئەوەش ئەگەر بەجۆرێك لەجۆرەکان تەعبیر لە راوەستانی واقیع بکاو دۆگما بنوێنێ، ئەوە لەگەڵ گوتاری شار تەواو پێچەوانە دەکەوێتەوە، هەر لەوێشەوە ئەگەر سەیری تاکی کوردی بکەین ئەو تاکەی حیزب لەشاخ هێنایە بەرهەم دەبینین هەتا ئێستاش ناتوانێ بەشێوەیەکی ئاسای شتەکان بخوێنێتەوەو حەقیقەتەکان لێکجیابکاتەوە، ئەوەش ئەگەر دەلالەتێکی هەبێ راستەوخۆ پەیوەندی بە (لەیادچوونەوە)و (پەرگیری) دایە.
لێرەوە دەتوانین بلێین دەسەلاتی کوردی بەقەد ئەوەی کار لەسەر دوالیزمییەتی تاکی کوردی دەکات، هێندەی کار لەسەر بەرفرەوانکردنی بۆشاییەکانی تاکی کوردی دەکات، هێندە لەخەمی بەرزکردنەوەی ئاگایی کۆمەلایەتیو ئاگایی سیاسیدا نییە، نەك هەر هێندەش بەڵکو بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی بە شێوەیەکی ترسناك لاقەی بۆشایی ناوبراو دەکات کە لە شاخ دروستی کرد، کە دەڵێین بەشێوەیەکی ترسناك بەو مانایەیە کە ئەمڕۆ ئەو بۆشاییە بەجۆرێك لەجۆرەکان بەرەو پوچگەراییو بێهودەیی دەبێتەوە، وەك چۆن هەر لە میانی ئەو بێهودەییە فیکریو رۆحییەی تاکی کوردیو هەر لە دووتوێی ئەو خەیاڵدانە لەت لەتکراوە دەشێ بەشێوەیەکی ناراستەخۆ شێوەکانی لەیادچوونەوە بەرجەستە بکەین، هەندێجاریش بۆشایی ناوبراو بەرەو شێوەیەك لەشێوەکانی توندو تیژیو تیرۆر دەچێ، بێگومان لەو چەند ساڵەی ماوەی دەسەلاتی کوردی وێنەی ئەو شێوانەمان بەچاوی خۆمان بینی.
لێرە بەدوا هەوڵدەدەین درێژبوونەوەی بۆشایی تاکی کوردی بە خەباتی شارەوە پەیوەست بکەینو لەوێشەوە دووبارە هەمان دوالیزمیەتی شاخ لە شار هەڵدەگرینەوە، وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد ئەگەر خەباتی شاخ دیاریترین تەعبیر بێت لە پەرچەکردارو ساویلکەیی، ئەوە بە دیوەکەی دیکەش دەشێ دیاریترین تەعبیریش بێت لە هەستی کوردانە، بەو مانایەش خەباتگێری کوردی ئەو تاکەیە کە بەجۆرێك لەجۆرەکان تەعبیر لەهەستی کۆمەڵگا دەکات، ئەوەی راستەخۆش لێرە مەبەستمە بەرجەستەکردنی ئەو متمانەیە کە لەنێوان خەباتگێرو کۆمەڵکادا هەبوو، هەڵبەتە ئەو متمانەیە دەشێ بەجۆرێك لە جۆرەکان بە متمانەی نێوان گوتاری ئاراستەکراوی ئایینیو گوتاری ئاراستەکراوی حیزبی لەقەڵەمی بدەین، بەو مانایەش تواناکانی حیزبی کوردی لە خەباتی شاخ هەر تەنها لەو متمانە دروستکردنەدا خۆی دەنوێنێ، وەك پێشتر گوتمان گوتاری حیزبی کوردی خاوەن دنیابینی جیاوازو بیروڕای جیاوازو دیدی جیاوازو وێناکردنی جیاواز نەبووە، هەروەك چۆن گوتارێك نەبووە هەڵقولاوی ناخی کۆمەڵگا بێت، بۆیە دەتوانین ئەو متمانەیە لە رێکەوتنی حیزبو کۆمەڵگا هەڵبگرینەوە، ئەو رێکەوتنە رێکەوتنێکە راستەوخۆ وەك چۆن پەیوەندی بە بەرژەوەندی حیزبەوە دەکات بە هەمان شێوەش

پەیوەندی بە بەرژەوەندی کۆمەگاوە هەیە، ئەوەش ئەگەر لەلایەك جۆرێك بێت لە دیماگۆجییەت، ئەوە لە لایەکی دیکە جۆرێکە لە دۆگما.

کەواتە خەباتگێڕی کوردی لە لایەك تەعبیر لە گوتاری کۆمەڵگا دەکاتو هەڵقوڵاوی ناخی ئەو گوتارەیە لە لایەکی دیکە هەڵگری گوتارێکی ئاراستەکراوی حیزبییەو لە دەرەوەی کۆمەڵگا وەرگیراوە، یەکەمیان وەك گوتمان پەرچەکردار بەرهەم دێنێ دووەمیان ئاگایی ساختە، بەمجۆرە وەك دەردەکەوێت پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاو خەباتگێڕ پەیوەندییەکی ئالۆزە، پەیوەندییەکە دەشێ راڤەی جیاوازو خوێندنەوەی جیاواز لەخۆ بگرێت، ئێمە هەوڵدەدەین ستراتیژیەتی ئەو پەیوەندییە لە ئامانجە وێناکراوەکانی خەباتگێڕ هەڵگرینەوە، لەو خاڵەوە خەباتی شاخ خەباتێك بوو ئەگەرچی بۆشاییەکی دیاری لە ناخی تاکی کوردی چێکرد، کەچی حیزبی کوردی توانی ئەو بۆشاییە بە وێنەکانی دوژمنی ستەمکارو ویژدانی کوردانە پڕبکاتەوە، بەڵام هەندێجار ئەو وێنەیە ئەوەندە کاڵە کە کۆمەڵگا هەستی بەرامبەر ناجولێ.

ئەگەر بەگشتی خەباتی شاخ بۆشایی ناوبراو بە چەند وێنەیەك پڕبکاتەوەو کۆمەڵگاش لەوێوە ئەو وێنانە بە بەرهەمی خۆی لە قەڵەم بدات، ئەوە بێگومان راستەوخۆ بە ئامادەیی زوڵمو زۆردارییەوە بەندە، واتە یەکێك لە هۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغێك کە مرۆڤی کوردی مرۆڤێکی زیاد لە پێویست چەوساوە بووە، بە دیوەکەی دیکەش حیزبی کوردی توانیوویەتی وێنەی دوژمن زیاد لە پێویست ناشرینو قێزەون بکێشێ، تاسنوورێك کە هەرگیز قابیلی دانوستان نەبێت، کەواتە رووەکەی دیکەی گوتاری شاخ دەبێتە گوتاری ئازادی.

بەڵام (خەباتی شار) کە ئێمە لە راپەڕینی (1991) بەرجەستەی دەکەینو بە قۆناغی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی کوردی دایدەنێینو لەوێوە هەوڵی خوێندنەوەی دەدەین، بە جۆرێك لە جۆرەکان هەوڵدەدەین بنەما سەرەکییەکانی ئەو گوتارە لە دووتوێی گوتاری شار بخوێنینەوە، گوتاری شاریش واتە گوتاری عەقڵو مەعریفەو جیاوازی، کەواتە خەباتی شاخ لە بەرامبەر خەباتی شار تەواو جیاواز دەکەوێتەوە، چونکە ئەگەر خەباتی شاخ ئاکامی سەرەکی رزگاری بێت لەدەست زوڵمو زۆرداری، ئەوە خەباتی شار لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوەو مەعریفەو ئاستی ژیانو ژیاری کار دەکات، بەدیوەکەی دیکەش خەباتە لە پێناو دانوستانو گفتوگۆو بیروڕا گۆڕینەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین ئەگەر گوتاری شار گوتاری عەقڵانیەتو فیکرو مەعریفە بێت، گوتاری عەقڵانیش بەشێکی زۆری قسەکردن بێت لەسەر جیاوازییەکان، ئەوە خەباتی شار دەبێ خۆی لە پێکەوەژیانو قبوڵکردنی جیاوازییەکانو هەمەڕەنگیدا بنوێنێ، بەو مانایەش گوتاری خەباتی شار

تەواوی بنەما سەرەکییەکانی خۆی لە خۆشگوزەرانیو پێکەوە ژیانو شەفافییەتو ئەرزش دانان بۆ ئەویدیکەو ئازادییەکانی ئەویدیکە هەڵدەگرێتەوە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین وەك چۆن بیرکردنەوەی مەعریفی بەپێی میتۆدی جیاواز دەقو کۆمەڵگا دەخوێنێتەوە، بێ ئەوەی هیچ یەکێك لەخوێندنەوەکان نکۆڵی لەئەویدی بکات، بە هەمان شێوە بیرکردنەوەی خەباتی شار دەبێ بەردەوام بەرگری لە جیاوازییەکانو ئازادییەکانی ئەویدیکە بکات.

بەڵام ئەگەر خەباتی شاخو متمانەی خەباتی شاخ پەیوەندی بە دوژمنو هەستی ناوەوەی کۆمەڵگاو وێنەی دوژمنەوە هەبێت، ئەو متمانەیە لە خەباتی شار پەیوەندی بە پاسەوانانی حیزبو سەرمایەداری حیزبو بیرکردنەوەو دنیابینیو سیماکانی ژیانو دادپەروەریو راستگۆییەوە دەکات.

ئەگەر لە نێوان ئەو دوو قۆناغە سەیری حیزبی کوردی بکەین دەتوانین زۆر بە ئاسانی ناودژییەکان هەست پێبکەین، هەروەها ئەگەر خەباتی شاخ وەك گوتمان جۆرێك لە متمانەی دروست کردبێ، ئەو متمانەیە پەیوەندی بە توانای حیزبەوە هەبێ، ئەوە لە خەباتی شار حیزبی کوردی تا دێ ئەو توانایە لەدەست دەداتو بەدیوەکەی دیکەش تا دێ هەستی کۆمەڵگا بەرامبەر بە (خەباتگێڕ) پێچەوانە دەبێتەوە، ئەوەش راستەوخۆ پەیوەندی بەعەقڵو مەعریفەو ئاگایی شارەوە هەیە، واتە ئەمڕۆ حیزبی کوردی وەك پێویست ناتوانێ بۆ بەرژەوندییەکانی خۆی بەئاسانی یاری بە وێنەکانو وێنەکانی دوژمن بکات، چونکە مارەسەکردنی ژیان ئەو وێنانەی کەحیزبی کوردی دەیخاتە دووتوێی بۆشاییەکانی تاکی کوردییەوە کاڵ دەکاتەوە.

کەواتە ئەگەر سنبولی خەباتی شاخ بەجۆرێك لە جۆرەکان متمانە بەخشینی کۆمەڵگا بێت بە خەباتگێڕو خەباتگێڕ بە کۆمەڵگا، ئەوە سنبولی بێ متمانەیی لەخەباتی شار لە فەرامۆشکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا هەڵقوڵاوە.

لە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەو چەند ساڵەی دەسەڵاتی کوردی لەدەستدانی ئەو متمانەیە زۆر بە جوانی دەبینرێت، کەواتە ئەگەر دوێنێ بۆ حیزبی کوردی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە ناومان بردن ئاسان بووبێ، وێنەی شیاوی بۆ پڕکردنەوە بەدەستەوە بێت، ئەوە ئەمڕۆ هەستدەکەین وێنەکان بەفریای ناکەون، نەك بەو مانایەی کە وێنەی بەدەستەوە نییە، چونکە میدیاکانی حیزبی کوردی لێوان لێوە لەوێنەکانی ئازادیو دیموکراسییەتو مافی مرۆڤو کۆمەڵگای مەدەنی......هتد بەڵام وەك گوتمان لەبەر ئەوەی شار بەردەوام لە دانوستانو گفتوگۆو هەمەڕەنگیو مارەسەکردنی ژیان ناکەوێت بۆیە هەر زوو ئەو وێنانە کاڵ دەبنەوەو کەس باوەڕی پێیان نامێنێ.

دوێنێ خەباتگێری شاخ سنبولی ئازادیو سەرفرازی بوو، بەڵام ئەمڕۆ خەباتگێری شار خۆی لە وێنەی سەرمایەدارو بازرگان هەڵدەگرێتەوە، بەو مانایەش ئەگەر پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاو خەباتگێر لە خەباتی شاخ بە وێنەکانی رزگاریو هەستی نەتەوایەتیەوە بلکێ، ئەوە ئەمڕۆ لە خەباتی شار پەیوەندی ناوبراو بەبەرژوەندییەکانی حیزبو تاکی سەرمایەداری دەسەڵاتدارەوە هەیە، بەو مانایەش خەباتگێڕی شار لەپاڵ دیوارەکانی دیموکراسییەتو مافی مرۆڤو کۆمەڵگای مەدەنی خەریکی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی هیچ ئاگای لەکۆمەڵگا نییە، هەمیشە هەولێش دەدا لە میدیاکان نەخشەی ئەو دیوارە جوانتر برازێننەوە، دیوارەکەش بەرزتر هەڵچنێ، بەڵام ئەوەی گومانی تیا نییە ئەوەیە کە تا دێ ئەو دیوارە وێنەی خەباتگێڕی شار بە وێنەی دوژمن دەچوێنێ، بەدیوەکەی دیکەش بەهۆی ئەو دیوارە تا دێ خەونەکانی ئازادیو دیموکراسییەتو کۆمەڵگای مەدەنی ناشیرین دەبێ.

لێرەوە دەتوانین بڵێین تاکی کوردی لە گەندەڵی فیکرییەوە بەرەو گەندەڵی ئیداری دەبێتەوە، کەواتە بەر لەوەی قسە لە گەندەڵی بکەین دەبێ رەخنە لە عەقڵی حیزبو تواناکانی حیزب بگرین، عەقڵێك کە هەرگیز توانای بیرکردنەوەو بەدواداچوونی نییە، عەقڵێك کە بڕوای بە جیاوازیو لەگەڵ ژیانو هەمەڕەنگیو رەخنە نییە، بەبڕوای ئێمە دواجار دەکەوێتە نێو شەڕەوە، ئەو شەڕەش شەڕی حیزبو کۆمەڵگایە، واتە کاتێك حیزب کۆمەڵگا بێ نرخ دەکات، کاتێك حیزب دیوارێکی ئاسنین لە نێوان خۆی کۆمەڵگا دادەنێ، جگە لەشەڕ شتێکی دیکە بۆ لەیەکنزیك بوونەوە نامێنێتەوە، شەڕی حیزبو کۆمەڵگا شەڕێکی کوشندەیەو کار لە هەستی مرۆڤانەو نەتەوایەتی دەکات، لەلایەك خۆخواردنەوەی کۆمەڵگایەو لەلایەکی دیکە بێنموودکردنی دەسەڵات، لەلایەك حیزب بەکۆمەڵگای دەفرۆشێو کۆمەڵگاش سووتەمەنییەکەیەتی، لەلایەکی دیکە شەڕێکە لەدرێژبوونەوەی دیاردەی گەندەڵییەوە دێتە دیو بەرپەچدانەوەی کۆمەڵگا دەگەیەنێت.

لەسەر ئەو بنەمایە دەمەوێ دوو خاڵ بەرجەستە بکەم یەکەمیان ئەوەیە با چیتر کۆمەڵگا خۆی نەخواتەوە، تۆزی حیزب لەخۆی بتەکێنێ، ئەو خەیاڵدانەی کە تا ئێستا لەکۆڵی ناوە بە مێژووی بسپێرێو بەدیدێکی مۆدێرنانە سەیری ژیان بکاتو بە ئاگاییەکی سەردەمانە دنیابینی خۆی دابمەزرێنێ. دووەمیان پێویستە حیزبی کوردی خەباتی شار بەپێی بنەماکانی شار بەرێوە ببات، ئەرزش بۆ جیاوازییەکانو هەمەڕەنگی دابنێ، بڕوای بە هاوژیانیو رەخنە هەبێ، مافو ئازادییەکانی ئەویدیکە پێشێل نەکاتو سنوورەکان نەبەزێنێ، بەردەوام بتوانێ چاو بەخۆیدا بخشێنێتەوە.

هەولێر2005/11/15